

# یاسای بەخشینی ئەندام و شانەی جەستە گۆڕانکاری بەسەردادێت

**لە 26 ی ئازاری 2021 ەوە سکۆتلاند سیستمی بەشداری نەکردن لە بڕیاری ئەندام بەخشینی دەبێت.**

بەخشینی ئەندام و شانە بڕیارێکی کەسییە و تۆ بژاردەت هەیە. بۆیە تکایە ئەم نامیلکەیە بە باشی بخوێنەرەوە. ئەمانەت بۆ ڕوووندەکاتەوە:

- یاساکە چۆن دەگۆڕێت
- یاساکە چۆن کار لە تۆ دەکات
- کام بژاردانەت هەن
- چۆن بڕیاری بەخشینت تۆمار بکەیت
- چی ڕوودەدات کاتێک کەسێک دەبێتە بەخشەر

Healthier Scotland
Scottish Government

NHS
SCOTLAND

# یاساکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت بەڵام هێشتا بژاردەت هەیە

لە بەرواری **26 ئازاری** 2021 ەوە یاسایەکی نوێ سەبارەت بە بەخشینی ئەندامی لەش و شانە لەسەرانسەری سکۆتلاند جێبەجێدەکرێت.

یاساکە دەگۆڕێت لەپێناو هێنانە کایەی سیستمێکی نوێ لە "دەسەڵاتپێدان 'deemed authorization - '. زۆرجار ئەمە بە سیستمی 'بەشداری نەکردن' ئاماژەی پێدەکرێت. ئێمە لە پێناو پاراستن و باشترکردنی ژیان ئەمە دەکەین. تەنها نزیکەی 1% ی خەڵک بەجۆرێک دەمرن کە توانای ئەگەری بەخشینی ئەندامیان هەبێت، بۆیە هەر هەڵێکی بەخشین زۆر بەنرخە.

سیستەمە نوێیەکە مانای وایە کە ئەگەر هێشتا بڕیاری بەشداری نەکردنت لە ئەندام بەخشین نەداوە کاتێک دەمریت، یاساکە ڕێگە بە بەخشینی چەند ئەندام و شانەیەکی دیاریکراو دەدات بۆ مەبەستی چاندن. دەتوانیت لە پەڕەی ژمارە 8 زیاتر بخوێنیتەوە سەبارەت بە ئەوەی چی ڕوودەدات ئەگەر ببیتە بەخشەر.

یاساکە بەسەر چەند کۆمەڵە کەسێکدا جێبەجێ نابێت (بڕوانە پەڕەی ژمارە 3) یان ئەگەر بەخشین دژ بە تێڕوانینی تۆ بێت.

ئەگەر پشتیوانی لە بەخشین دەکەیت، ئەوا هێشتا دەتوانیت بڕیاری بوونت بە بەخشەر تۆمار بکەیت. بەم کارەت مەسەلەکە بۆ خێزان و هاوڕێکانت ئاسانتر دەکەیت، وە هاوکار دەبێت لە دڵنیابوون لەوەی بڕیارەکەت جێبەجێدەکرێت.

سیستمی بەشداری نەکردن لە بڕیاری بەخشین لەسەر بەخشینی ئەو ئەندامانەی جەستە جێبەجێ دەبێت کە چاندنیان باوە وەک گورچیلە، دڵ، سیەکان، جگەر و ماسولکە ژێ.

هێشتا ڕاوێژ بە خێزانەکەت و هاورێکانت دەکرێت سەبارەت بە تێڕوانینی تۆ بەمەبەستی دڵنیا بوون لەوەی کە بەخشینەکە جێبەجێ ناکرێت ئەگەر ویستی تۆی لەسەر نەبووبێت.

**یاساکە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی هاوکاربێت لە پاراستن و باشترکردنی ژیان.**

# گۆڕانی یاساکە کار لە کێ دەکات؟

**یاسا نوێیەکە بەسەر زۆربەی کەسانی پێگەیشتووی نیشتەجێی سکۆتلاند جێبەجێ دەبێت.**

گۆڕانی یاساکە بەسەر ئەم گروپانەدا جێبەجێ نابێت:

- **منداڵ (خوار 16 ساڵ).**
- **کەسانی پێگەیشتوو کە توانای تێگەیشتنی یاسا نوێیەکەیان نییە.**
- **کەسانی پێگەیشتوو کە ماوەی کەمتر لە 12 مانگ لە سکۆتلاند ژیاون پێش مردنیان.**

ئەگەر کەسێک لە یەکێک لەم گروپانە بمرێت بە جۆرێک کە بتوانێت ئەندام ببەخشێت، بەڵام هێشتا بڕیاری بەخشینی تۆمار نەکردبوو، ئەوا پرسیار لە نزیکترین ئەندامی ناو خێزانەکەی دەکرێت کە ئاخۆ دەسەڵاتی بەخشین دەدەن.



# پێویستە چی بکەم؟

بەخشین بڕیارێکی کەسییە و تۆ بژاردەی ئەوەت لەبەردەمدایە کە ئاخۆ دەتەوێت ئەندامەکانت ببەخشیت یان نا.

**بژاردەکانت**

**دەتوانیت بڕیاری کشانەوەت لە بەخشینی ئەندام لە پێگەی NHS Organ Donor Register (تۆماری ئەندام بەخشین) تۆمار بکەیت، بڕوانە پەڕەی ژمارە 7**

- ئەمە مانای وایە تۆ بەشداری ناکەیت لە بەخشینی هیچ ئەندام و شانەیەک.

**ئەگەر دەتەوێت ببیتە بەخشەر، دەتوانیت بڕیارەکەت لە پێگەی NHS Organ Donor Register تۆمار بکەیت (بڕوانە پەڕەی ژمارە 7)**

- بەم کارەت مەسەلەکە بۆ خێزان و هاوڕێکانت ئاسانتر دەکەیت، وە هاوکار دەبێت لە دڵنیابوون لەوەی بڕیارەکەت جێبەجێدەکرێت.
- ئەگەر دەتەوێت هەندێک جۆری ئەندام و شانە ببەخشیت بەڵام ئەوانەی تر نا، دەتوانیت بژاردەکانت بە ڕوونی دەستنیشان بکەیت کاتێک بڕیارەکەت لە پێگەی NHS Organ Donor Register تۆمار دەکەیت.
- تۆمارکردنی بڕیاری بوونت بە بەخشەر مانای وایە تۆ ڕازیشیت بە هەندێک پشکنین و ڕێکاری پزیشکیی دیاریکراو کە لەوانەیە پێش مردنت ئەنجام بدرێن وەک بەشێک لە پرۆسەی بەخشینەکە. پێش ئەوەی ئەمانە ئەنجام بدرێن پەرستاری پسپۆڕ قسە لەگەڵ خێزانەکەت دەکەن. زانیاری زیاتر دەربارەی ئەوەی ئەم پشکنین و ڕێکارە پزیشکیانە چی لەخۆ دەگرن لە پەڕەی ژمارە 9 ببینە.

**دەتوانیت بڕیاربدەیت هیچ نەکەیت**

- ئەگەر هیچ نەکەیت بە پێی یاسا نوێیەکە، وا دادەنرێت کە تۆ ڕازیت ئەندام و شانەی دیاریکراو ببەخشیت بۆ مەبەستی چاندن.
- هێشتا پرس بە خێزان و هاوڕێکانت دەکرێت سەبارەت بە کۆتا تێڕوانینی تۆ بۆ دڵنیابوون لەوەی بەخشینەکە جێبەجێ ناکرێت ئەگەر تۆ خواستت لەسەری نەبووبێت.
- یاسا نوێیەکە بەسەر هەندێک گرووپی دیاریکراودا جێبەجێ نابێت (بۆ نموونە منداڵ) – بڕوانە پەڕەی ژمارە 3.
- ئەگەر هیچ نەکەیت ئەوە مانای وایە تۆ ڕازیت بە هەندێک پشکنین و ڕێکاری پزیشکیی دیاریکراو کە لەوانەیە پێش مردنت ئەنجام بدرێن وەک بەشێک لە پرۆسەی بەخشینەکە. پێش ئەوەی ئەمانە ئەنجام بدرێن پەرستاری پسپۆڕ قسە لەگەڵ خێزانەکەت دەکەن. زانیاری زیاتر دەربارەی ئەوەی ئەم پشکنین و ڕێکارە پزیشکیانە چی لەخۆ دەگرن لە پەڕەی ژمارە 9 ببینە.

**دەتوانیت بڕیاری بەخشینت لە پێش یان پاش گۆڕانی یاساکە تۆمار بکەیت لە 26 یئازاری 2021.**



بەخشین بڕیارێکی
کەسییە و تۆ بژاردەی
ئەوەت لەبەردەمدایە
کە ئاخۆ دەتەوێت
ئەندامەکانت
ببەخشیت یان نا.



هەر بڕیارێک دەدەیت،
پێویستە بڕیارەکەت
سەبارەت بە بەخشین
بە خێزان و
هاوڕێکانیشت بڵێیت
بۆ ئەوەی هاوکاربن لە
بەدیهێنانیدا.

# بۆ ئەوەی بڕیاری خۆت لە NHS Organ Donor Register تۆمار بکەیت

تۆمارکردنی بڕیارەکەت لە **NHS Organ Donor Register** (تۆماری ئەندام بەخشین) ئاسانە و تەنها چەند خولەکێکی کەمی پێدەچێت. هەروەها دەتوانیت بڕیارە کۆنەکەت بگۆڕیت، جەختی لێ بکەیتەوە، یان زانیاریەکانت نوێ بکەیتەوە.

**بڕۆ سەر ئەنتەرنێت بۆ پێگەی: www.organdonationscotland.org**

**ئەگەر پێت باشترە تەلەفۆن بکەیت بۆ تۆمارکردنی بڕیارەکەت یان پرسیارێکت سەبارەت بە گۆڕانی یاساکە هەیە پەیوەندی بکە بە ژمارە تەلەفۆنی: 0300 303 2094**
پەیوەندی تەلەفۆنیت لەسەر دەکەوێت بە پێی ڕێژەی پەیوەندی ناوخۆیی و ئەو کۆمپانیایەی خزمەتگوزاری پەیوەندیەکە دابین دەکات.

**نامەی relay: 18001 0300 1232323**

## نامەوێت بڕیارەکەم لەسەر پێگەی NHS Organ Donor Register تۆمار بکەم. پێویستە چی بکەم؟

ڕوونترین ڕێگە ئەوەیە بڕیارەکەت لە پێگەی NHS Organ Donor Register تۆمار بکەیت. بەڵام ئەگەر ناتەوێت ئەوە بکەیت، دەتوانیت بڕیارەکەت بە شێوەی نووسراو ڕابگەیەنیت و بە خێزان و هاوڕێکانتی بڵێیت بۆ ئەوەی ئاگاداری بڕیارەکەت بن. تکایە پشت بە تۆمارکردنی بڕیارەکەت لە وەسیەتنامەکەتدا مەبەستە. زۆر کات وەسیاتنامە ناخوێنرێتەوە هەتا دوای ئەو کاتەی بەخشینی ئەندام دەکرێت ئەنجام بدرێت، چونکە پێویستە بەخشین ماوەیەکی زۆر کورت دوای مردن ڕووبدات.

**ناوت لە پێگەی NHS Organ Donor Register (تۆماری ئەندام بەخشین)دا نابێت تاوەکو بڕیارەکەت تۆمار نەکەیت.**

# چی ڕوودەدات ئەگەر ببم بە بەخشەر؟

### پزیشک و پەرستارەکان هەرچی لە توانایاندا بێت دەیکەن بۆ ئەوەی ژیانت ڕزگاربکەن

- پزیشک و پەرستارەکان گرنگی بە نەخۆش دەدەن و پابەندن بە ئەنجامدانی هەموو شتێک کە بکرێت لەپێناو ڕزگارکردنی ژیانی کەسێکدا.
- تەنها پاش ئەوەی قسە لەگەڵ خێزانەکەت دەکەن و ڕێککدەکەون کە هیچ شتێکی تر نییە بکرێت، ئەو کاتە گفتوگۆیەکی هەستیار سەبارەت بە ئەگەری بەخشین دەست پێدەکات.

### سەیرکردنی NHS Organ Donor Register

- پەرستاری پسپۆڕ کە بەشدارنین لە چاودێری کردنت سەیری NHS Organ Donor Register (تۆماری ئەندام بەخشین) دەکەن تا بزانن ئاخۆ بڕیاری بەخشینت تۆمار کردووە.
- پاشان ئەم زانیاریە دەدەن بە خێزان و هاوڕێ نزیکەکانت بۆ ئەوەی بزانن خواستی تۆ چی بووە و بزانن ئاخۆ ئەمە کۆتا تێڕوانینی تۆ بووە.



## پێویستە چ پشکنینێکی پزیشکی پێش ئەنجامدانی بەخشینەکە ئەنجام بدرێت؟

- وەک بەشێک لە پرۆسەی بەخشینەکە، کەمێک پێش مردنی بەخشەرەکە، دەشێت هەندێک پشکنین و ڕێکاری پزیشکیی دیاریکراو لە بەشی چاودێری چڕ ئەنجام بدرێن. تەنها کاتێک ئەمانە ئەنجام دەدرێن کە ئەگەر یارمەتیی پزیشکەکان بدەن لەوەی بزانن ئاخۆ چاندنەکە ئەگەری هەیە سەلامەت بێت، سەرکەوتوو بێت وە هاوتایەکی گونجاو بێت بۆ کەسێک کە لە لیستی چاوەڕوانی چاندندایە.

- ئەم پشکنین و ڕێکارە پزیشکیانە بە هەمان وورياييەوە ئەنجام دەدرێت کە بۆ هەر چارەسەرێکی تر لە نەخۆشخانە ئەنجام دەدرێت، بۆیە تەنها کاتێک ئەنجام دەدرێن کە گومانی ئەوەیان لێ نەکرێت ببنە هۆکاری ئازار یان نارەحەتیت. ناکرێت بەبێ ئەنجامدانی هەندێک لەم پشکنین و ڕێکارە پزیشکیانە بەخشینەکە جێبەجێ بکرێت.

- پشکنین و ڕێکارە پزیشکیەکان ئەمانە دەگرێتەوە:
  - وەرگرتنی نمونەی شل بۆ پشکنین وەک خوێن یان میز
  - وێنەی تیشکی ئێکس یان پشکنینی سۆنار کە لەسەر جێگا دەگیریت
  - چاودێریکردنی دڵ و هەناسەدانت
  - پێدانی دەرمان یان شلەمەنی (بۆ نمونە هەندێک جار خوێن) بە کانۆلا.

- وا دادەنرێت کە تۆ ڕازیت ئەم پشکنین و ڕێکارە پزیشکیە ڕۆتینیانە ئەنجام بدرێن مەگەر بڕیارت دابێت بەشداری بەخشین نەکەیت. بەڵام پەرستاری پسپۆڕ لەگەڵ خێزان و هاوڕێکانتدا قسەدەکەن بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەو پشکنینانە ئەنجام نادرێن ئەگەر خۆت خواستت لە سەریان نەبوبێت.

- لەوانەیە لە هەندێک حاڵەتی زۆر دەگمەندا پێویست بکات پشکنین و ڕێکاری پزیشکی ناو جەستەی زیاتر ئەنجام بدرێت، بەڵام تەنها لە کاتێکدا کە ئەو پشکنینە ڕۆتینیانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا زانیاری تەواویان نەدا سەبارەت بە سەلامەتی و سەرکەوتوویی چاندنەکە. دەشێت ئەم پشکنین و ڕێکارانەی تر ئەمانە بگرێتەوە: وەرگرتنی نمونەیەکی بچووکی پێست، گرتنی وێنەی تیشکی دوور لە جێگەی پاڵکەوتنی بەخشەرەکەوە، بەکارهێنانی ئامێرێک بۆ پشکنینی ناوەوەی سیەکان و بۆریەکانی هەوا، یان بەکارهێنانی سوابێک بۆ وەرگرتنی نمونەیەک لە ناو جەستە. بەڵام وا دانانرێت کە تۆ ڕازیت بەم ڕێکارانە، ئەمەش واتە ئەوانە تەنها لەسەر ڕەزامەندی خێزانەکەت ئەنجام دەدرێن.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر سیستمی بەشداری نەکردن لە بەخشینی ئەندام و شانە تکایە بڕۆ بۆ پێگەی:
www. organdonationscotland. org

# ئایا دین یان بیروباوەڕم لەبەرچاو دەگیرێت پێش ئەوەی بەخشینەکە ئەنجام بدرێت؟

**بەڵێ، ئەگەر بیروباوەڕت گرنگە دەتوانیت ئەوە لە NHS Organ Donor Register (تۆماری ئەندام بەخشین) تۆمار بکەیت وە ئەمە وەک بەشێک لە گفتوگۆی بەخشینەکە لەبەرچاودەگیرێت لەگەڵ خێزانەکەتدا.**

سەبارەت بە تێڕوانینی تۆ پرسیار لە خێزانەکەت دەکرێت بەمەستی دڵنیابوون لەوەی بەخشینەکە ئەنجام نادرێت ئەگەر ئەوە نەبێت کە تۆ خواستت لەسەر بووە، وە بۆ دڵنیابوون لەوەی تەنها کاتێک ئەنجام دەدرێت کە بەپێی بیروباوەڕی تۆ بێت.

**دەتوانیت زانیاری زیاتر سەبارەت بە بیروباوەڕ و بەخشینی ئەندام و شانە ببینیت لە: www.organdonationscotland.org/faith-and-beliefs**

زۆر گرنگە خەڵک لە سەرجەم پێکهاتەکانەوە ئەندام و شانە ببەخشن، چونکە ڕێژەی سەرکەوتنی پرۆسەکە زۆر زیاتر دەبێت کاتێک کەسێک چاندنی ئەندامێکی بۆ دەکرێت کە لە بەخشەری هەمان گرووپی ڕەچەڵەکی خۆیەوە بێت. بۆ نموونە، خەڵکی ڕەش پێست و ئاسیایی زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە پێویستیان بە چاندنی گورچیلە بێت وەک لە خەڵکی سپی پێست، بۆیە پێویستیەکی زۆر زیاتر بە بەخشەری ڕەش پێست و ئاسیایی هەیە.

ئەگەر بیروباوەڕت گرنگە دەتوانیت ئەو زانیاریە لە پێگەی **NHS Organ Donor Register** تۆمار بکەیت.



# یاساکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت بەڵام هێشت
# ا بژاردەت هەیە.

**لە 26 ی ئازاری 2021 ەوە یاسای بەخشینی ئەندام و شانە لە سکۆتلاند گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ئەمە مانای وایە وا دادەنرێت کەتۆ ڕازی بوویت ببیتە بەخشەر کاتێک دەمریت، مەگەر بڕیاری بەشداری نەکرنت هەڵبژاردبێت. بەخشینی ئەندام و شانە بڕیارێکی کەسییە و تۆ بژاردەت هەیە.**

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەخشینی ئەندام و شانە و گۆڕانی یاساکە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە:
**www.organdonationscotland.org**

**بڕیاری بەخشینت لە NHS Organ Donor Register (تۆماری بەخشەری ئەندام) تۆماربکە**

لەسەر ئەنتەرنێت:
**www.organdonationscotland.org/your-decision/how-register**

بە تەلەفۆن: ئەگەر پێت باشترە تەلەفۆن بکەیت بۆ تۆمارکردنی بڕیارەکەت یان پرسیارێکت سەبارەت بە گۆڕانی یاساکە هەیە، تکایە پەیوەندی بە هێڵی یارمەتیەوە بکە بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕاوێژکارێکی ڕاهێنراودا قسەبکەیت بە ژمارە تەلەفۆنی **0300 303 2094**.

پەیوەندی تەلەفۆنیت لەسەر دەکەوێت بە پێی ڕێژەی پەیوەندی ناوخۆیی و ئەو کۆمپانیایەی خزمەتگوزاری پەیوەندیەکە دابین دەکات.

نامەی Relay: **18001 0300 1232323**

نامەی چات: **07860 034343**

ئەم نامیلکەیە بە فۆرماتی تر و چەندین زمانی تر بەردەستە.

ئەو QR کۆدەی خوارەوە سکان بکە یان سەردانی **www.organdonationscotland.org/resources** بکە.

Healthier Scotland
Scottish Government

NHS
SCOTLAND